# بەندە ئەگەر نەخۆش بکەوێت یان سەفەر بکات؛ ئەوا پاداشتی ئەو کارە چاکانەی بۆ دەنووسرێت کە ئەنجامی داوە لە کاتێکدا کە نیشتەجێ ولەش ساغ بووە

لە ئەبی موسای ئەشعەرییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بەندە ئەگەر نەخۆش بکەوێت یان سەفەر بکات؛ ئەوا پاداشتی ئەو کارە چاکانەی بۆ دەنووسرێت کە ئەنجامی داوە لە کاتێکدا کە نیشتەجێ ولەش ساغ بووە».
[سەحیح - ڕاست] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی فەزڵ وڕەحمەتی الله دەکات، ومسوڵمان ئەگەر خووی بەو شێوەیە بوو کە کردەوەیەکی چاک ئەنجامبدات لە کاتی لەش ساغ بوون ونیشتەجێبوونی، پاشان بەهۆی عوزرێکەوە وەکو نەخۆشی نەیتوانی ئەو کردەوەیە ئەنجامبدات، یان سەفەری کرد، یان هەر بیانوویەکی تر؛ ئەوا پاداشتی ئەو کردەوەیەی بەکامڵی بۆ دەنووسرێت، وەکو ئەوە وایە کردەوەکەی ئەنجامدابێت لەکاتی لەشساغی ونیشتەجێبوونی.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3553

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee